# ئالاْكەی بەعس بەسەر شەهیدانی هەلْە بجەوە دەشەكیْتەوە



**نامق هەورامی**

**namqhawramy@yahoo.com**

بۆ ئامادەكردنی راپۆرتێك لەسەر كەمو كورِی و پێداویستیەكانی شاری هەڵەبجەسەردانێكی ئەو شارەم كرد كەموروی یادەوەرییەكانمی تێدا پسا ، بەواتایەكی تر ئەوشارەی لەچركەساتێكی نەگریسدا وێرای چەندین كەس لەبنەماڵەكەم لەخوشك وخوشكەزاو ئامۆزا وپورزاكانمی تێدا خنكان ، ئەوشارەی بۆدواجار لەگەڵ ئەوانەمان كەمابوین لە باوك ودایك وخوشكەكانم بە كوێری جێمان هێشت ودواتر كاریگەری ئەو ژەهرە لەنازی دایك وباوكی كردم وئەوان نەمرو من مردویەكی زیندوو!

رەنگە كەس نەبێت لەوشارەدا خاوەنی چەندین چیرۆكی لەم جۆرە نەبێت كاتێك باسی شار دەكەن خەیاڵ پەلكێشی دورگە توناوتونەكانی كسپەو كۆستیان دەكات .

من بەپێچەوانەی ئەوانەوەم كە 15 و16 /3 ی هەموو ساڵێك باسی هەڵەبجە دەكەن وەك ئەوەی دوكانێك بێت و تەنها لەو رۆژەدا بكرێتەوە .

زۆر وتن سەروپێ خۆشە ... ئەوی بەبەردەوامی ئازارم دەدات ئەم وێنەیە بۆئەوەی ئێوەش بۆ ساتێك هاوخەمی من بن وێنەكە بلاْو دەكەمەوە .

بەبیرم دێت ئەوی رۆژێ فرۆكە مەرگ هێنەكانی بەعس هەڵەبجەیان ژەهر باران كرد سنگی فرۆكەكان بەئالاْی سێ ئەستێرە نەخشابوو ، ئەمرۆش پاش ئەو بەروارە هەمان ئالاْ بەسەر شاری هەڵەبجەو

یادگاری شەهیدانی هەڵەبجەو رۆحی شەهیدانەوە دەشەکێتەوە لەکاتێکدا چەندین رێکخراوی تایبەت بەمافی شەهیدانی کیمیاباران وداکۆکی لەبنەماڵەکانیان لەو شارەدا هەن !!

ئەمە هەڵچونێکی ساتەوەختی نییە هێندەی ئەوەی ئازارێکەو گینگڵی پێوە ئەدەم رۆژانە لەخۆم دەپرسم ( نەدەکرا هەڵەبجە ئیستیسنا بکرێت لەهەڵدانی ئەو ئاڵایە؟؟

ئێ خۆ دەکرا تەنها یادگاری شەهیدان لەو بڕیارە بەدەر بوایە وەك ئەو تابلۆ رەنگینە کەنوسراوە هاتنە ژورەوە بۆ بەعسیەکان قەدەغەیە ....

بەم کارە ئەو بەرێوەبەریەتیە کاری جوانی کردوە کەناهێڵێت بەعسی بچنە ژورەوە بەڵام دەبوو نەهێڵێت ئەو ئاڵا نەگریسەش لەوێ هەڵبدرایە .

# تکایە رەئیتان لەم بارەیەوە